# توند وتیژی و کلتور و کۆمەڵگەی کوردی

ن: ئەبوبەکر عەلی

هەر لە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتیەوە و لەگەڵ دەستپێکردنی سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ لەم هەسارەیەدا توندوتیژیش سەری هەڵداوە گەر بە دیدی قورئانیەوە بۆ مەسەلەکە بڕوانین دەبێت کوڕێکی ئادەم پێغەمبەر بە پاڵنەری حەسوودی و قبوڵنەکردنی بەرامبەرەکەی بەوجۆرەی کەهەیە کوڕەکەی تری واتە براکەی خۆی دەکوژێت و بەمەش یەکەم خوێنڕێژی لە مێژوودا روو دەدات٠ بەڵام لە پاڵ ئەمەدا لەگەڵ لە ئارادا بوونی حەزو تاسەش بۆ ژیان، لەگەڵ بوونی ترسی سروشتی و خۆپاراستن لەمردن و زۆر شتی دیکەش دەتوانین بڵێین خەونی نا توندوتیژیش، خەو بینین بەژیانێکی ئارام و ئاسودە و هێمن و پڕ لە ئاسایش، خەونێکی کۆن و دێرینی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش بووە٠ دیارە توندوتیژی زۆر رەهەند وکایە لەخۆ دەگرێت کە لێرەدا زیاتر رەهەند و کایە سیاسیەکە خراوەتە روو وەك تەوەرێك بۆ قسە لەسەرکردن٠ گەرچی ئەوەش روونە کە توندوتیژی لە بازنەی تاکەوە بۆ خێزان و کۆمەڵگە لە کایە جۆراوجۆرەکاندا پەیوەندیەکی جەدەلی لە نێوانیان دا هەیە هەر یەکەیان لە کارلێك لەگەڵ ئەویتردایە پێم وایە توندوتیژی کوڕی کولتور و سەرزەمینێکی دیاریکراو نیە وەك هەندێك کە لە ناوەندە رۆشنبیریەکە دەبینرێت و دەیەوێت توندوتیژی بکاتە جەوهەرێکی نەگۆڕی کلتوری رۆژهەلات و قەڵەمرەوێکی جوگرافی دیاریکراو کە ئەوەش دووپاتکردنەوەیەکی ناهۆشیارانەی گوتەزای فەرهەنگی خۆرهەلاتناسی ئەوروپایە٠ بەڵام ئەوەش راستە کە مەرج نیە توند وتیژی و لەسەر هەردوو ئاستی (بالقوە) (بالفعل) بەیەکسانی بەسەر کلتور و شارستانیەت و نەتەوە و ناوچەکاندا دابەش بووبێت و بێت چونکە توندوتیژی بەرەنجامی چەندین کارتێکەری سایکۆلۆژی و رۆشنبیری وکۆمەڵگەیی جۆراوجۆرە کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر وەك ناو گەل و ناوچەیەکە وادێت و کێرڤەکەی بەرز و نزم دەکات بەڵام سەرەتا گرنگە لەسەر خودی چەمکی توندوتیژی هەندێك بووەستین چونکە وە نەبێت هێندە چەمکێکی بێ گرفت و تیشکالاوی بێت بەتایبەتیش لەم دەڤەرەی کە ئێمەی تێدا دەژین چونکە زۆرجار توندوتیژی بەناوی خۆیەوە ناونەنراوە یاخود ئاوەڵناوێکی خراوەتە پاڵ ناوەرۆکێکی ئیجابی لەوەش زیاتر شۆڕشگێڕانەی پێدراوە وەك گوتەزای (توندوتیژی و شۆڕشگێڕانە) لەچوار چێوەی بیری سیاسی مارکسیزم بەڵکو لەوەش زیاتر گەر بمانەوێت لەبەر تیشکی گۆڕانە جیهانیەکان و بەیەکداچوونی دەرکەوتەکاندا بە شێوەیەکی ریشەیی بەناوەڕۆکی چەمکەکە و وەك دیاردەیەکیش لەسەر ئاستی کۆمەڵگەکاندا بچینەوە، دەبێت گومان لە رەوایەتی پەیوەندیەی نێوان هێز و توندوتیژی و دەوڵەتی هاوچەرخیش بکەین کە (فیبەر) تەرحی دەکات بە شەرعیەت دەدا و مۆنۆپۆڵکردنی توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەتەوە٠ چونکە ئەم پێوەرە یاخود ئەم دیدە بۆ

پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی و دەسەڵات، تارادەیەکی زۆر لە یاریدایە یاسا ستەمکارەکان بە پێویستی ڕێکخستنی کۆمەڵگە دابنێ و ئۆباڵی ئەو هەموو خراپە و تاوانەیان لێدابماڵێت کە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان و داڕێژەرانی یاساکان و دەسەڵاتی راپەڕاندن ئەم سەرنجەش کاتێك (ئیعتیبار)ی خۆی پەیدا دەکات کە هەست بکەین بەگشتی یاسا سەروەری لەبەرامبەر توندوتیژیەوە راگیراوەو یاخود دەخرێتە روو، لە کاتێکدا کە لە زۆر شوێندا و لەوانەش لە دەیان ساڵی رابردووی ناوچەکەی ئێمەدا خودی بەشێك یاساکان هەڵگری دیکتاتۆریەت و توندوتیژی بوون بەڵکو دەوری گرنگیان هەبووە لە کۆت و بەند کردنی تاك و کۆمەڵگە و فشار خستنە سەر ئازادیەکان و قاڵبدانی کۆمەڵگە و هەوڵی تێکشکاندن و پەراوێزخستنی چەندین توێژی کۆمەڵایەتی کە هەر وەك دەزانین هەموو ئەمانە پەستانی رۆحی و سایکۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری زیاد دەکەن و سەرنجام کۆمەڵ رووبەرووی تەقینەوەیەکی بورکان ئامێز دەکەن٠

هەر بۆیە بنیاتنانی دیدێکی رۆشن دەربارەی خودی توندوتیژی وەك چەمك و دیاردە هەتا بڵێیت گرنگە بۆ قسەکردن لەسەری و بیرکردنەوە لە رووبەڕوو بوونەوەی و سنوردار کردنی لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی ژیان و کۆمەڵگەدا ٠

چونکە ئەگەر ئیمە تەنها خوێنرێژیمان بە توندوتیژی زانی ناتوانین لە مکانیزمەکانی ئیشککردنی دیاردەکە تێبگەین و دیدێکی هەمە لایەنەمان هەبێت بۆ زەمینەی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوە و رەگ داکوتانی٠ ناتوانین لەسەر جۆرێك توندوتیژی بووەستین کە دەتوانین بەرەوچاوکردنی پێوەرەکانی دەست نیشانکردنی توندوتیژی بە توندوتیژی شاراوە ناوی بەرین٠

ئەمەش هەروەك بیرمەندی گەورەی ئێرانی عەبدولکەریم سروش دەڵێت دەخوازێت تێگەشتنێکی فەلسەفیمان بۆ چەمکەکە هەبێت و لە بازنەی مامەڵەیەکی رووکەشی سیاسی و رۆشنبیری رۆژانە و سەر پێیی دەریبکەین لانی کەم لای ئەو نوخبە فیکری و سیاسیەی رۆڵی بنەڕەتی لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە و شکڵ پێدانی ئەودا هەیە٠سروش دەڵێت: (توندوتیژی واتە پەنا بردنە بەر ئەو شێوازانەی کە ناسازن لەگەڵ (NORM) و سروشتدا جا چ ناساز بن لەگەڵ سروشتی تاکی مرۆڤ یان لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا یان رێنوێنی کۆمەڵێك بەپێچەوانەی سروشت و نۆرمی ئەو کۆمەڵەوە بێت هەموو ئەمانە بە توندوتیژی لەقەڵەم بدرێن ٠بۆیە وەها نیە تەنها کوشتن و ئازار و ئەشکەنجەدان و شتی دیکەی وەك ئەمانە بە توندوتیژی دابنرێن، ئەمانە شێوازە ئێجگار توندەکانی توندوتیژین) (١) هەروەها سروش هەر شتێك ببێتە هۆی کەمبوونەوەی هوشیاری تاك بە توندوتیژی دەزانێت٠ئەم دیدەی سروش لە توانایدایە پەنجە لەسەر بەشێکی گرنگ لە رەگ و ریشەی ئەو توندوتیژیە دابنێت کەلە ئێستادا لە واقیعی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکان و لەوانەش کۆمەڵگەی عێراقی و کوردستانیدا دەبینرێت و ئامادەیی هەیە٠ ٠لە روویەکی ترەوە رۆڵی یەکجار خراپی کۆلۆنیالیزم و دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالیزم و هەندێك ئایدۆلۆژیا لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی هاوچەرخ لە ناوچەکەدا دەخاتە روو٠ ئەویش لەو لەو سۆنگەوە کە کۆلۆنیالیزم زەبرێکی گەورەی لە پرۆسەی گەشەکردن و نوێکردنەوەی کۆمەڵگەکانی ئێمە داو توشی شڵەژانێکی گەورە و ناکۆکی و لێکدابڕانێکی کلتوری بەسوێی کردن٠کۆلۆنیالیزم جگە لە توندو تیژی سەربازی و خوێن رشتن پەیرەوی لە توندوتیژی رۆحی و کلتوری و

کۆمەلایەتیشی لە دژی دانیشتوان و گەل و نەتەوە کۆلۆنیالیکراوەکان کردووە٠بەداخەوە لە زۆربەی کاتیشدا ئەو نوخبە سیاسیەی دواتر لە ژێر پەردەی دەسەلاتی نیشتمانیدا دیاری کردنی چارەنوسی کۆمەلگەکانی ئێمەی کەوتە ئەستۆ لەبەر دۆخە بابەتیە مێژوویەکە و هەست کردن بە س تێکشکانەکان لە ئاستی خودی کلتوری ژیاری، کاتێ بووە میراتگری ئەو مۆدێلە سیاسی و رێکخستنەی کۆلۆنیالیزم بەشێوەیەکی (ئانی) گوێزرابوویەوە، ئێرە نەك هەر دەتوانی جارێکی تر کۆمەڵگە بخاتەوە سەر رێگای گەشەسەندنی سروشتی و ناوەکی خۆی، بەڵکو هەندێك جار لە کۆلۆنیالیزم توندوتیژتر کەوتنە تێکشکاندنی نۆرمی کۆمەڵ و شەڕکردن لەگەڵ سروشتە مێژوویی و ئایینی و کلتوری و نیشتمانیە رەسەنەکەی ٠دواتریش بە تەشەنەکردن و بلاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیا خوێناوی و رادیکاڵەکان لەسایەی مارکسیزمێکی دۆگما و ناسیونالیزمێکی قانگدراو بە هەناسەی فاشیستیانە و نەزعەیەکی سیاسی کوێرانە هێندەی تر بازنەکانی توندوتیژی توشی هەلاوسانێکی ترسناك هاتن و ئاسۆکانی لێبوردن و کراوە سیاسیش تەمومژی دایگرتن و نائومێدیەکی گەورە دایگرتن٠ئەگەر نا چۆن ئەوە لێکبدەینەوە کە کۆمەڵگەی عێراقی پێش پەنجاکان واتە پێش بلاوبوونەی فۆڕمە توندرەوەکەی هەندێك ئایدۆلۆژیا و مۆدیلی دەسەلاتی مۆدێرنەی دواکەوتوو زۆر لە کۆمەڵگەی دوای پەنجاکان لێبوردەتر بووە٠بەڵکو کۆمەڵگەی کوردستانیش لە سی و چلەکان و هەر لەو قۆناغەدا دیسانەوە لێبوردەتر بووە شەستەکان کە هەموو دەزانین کەرتبوونی ریزەکانی کوردایەتی لە ساڵی (١٩٦٤) دا چی بەدوای خۆیدا هێنا٠لە نەوەدەکانیش زنجیرە شەڕەکانی ناوخۆ خستیە روو ئێمە چەند لەگەڵ یەکتردا نامیهرەبانین هەروەها دێوەزمەی شەڕ و توندوتیژی و تۆڵە سەندنەوە لە هەناوی بەشێکی بەرچاو لە ولاتەکەماندا خۆی مەلاس داوە و ئەهریمەنی شەڕ و خوێنڕێژی هێشتا پەرستگای گەرمە بە موریدانی٠ئەم دیدە بۆ توندوتیژی کە سروش وەك بیرمەندێکی ئیشکەر لە ناو کلتوری خۆرهەلاتی و ئیسلامیدا تەرحی دەکات ودەتوانێت یارمەتیەکی زۆری ئێمەی کوردیش بدات بۆ رزگار بوون لە بێباکیەی لەم رووەوە کۆمەڵگەکەمانی تێدا دەژی، بەتایبەتی ئەو بێباکیەی پنتەکانی کارتێکردن و بەشێك لە ناوەندە فیکری سیاسیەکە تیایدا دەژین، ئەویش کاتێك لای ئەو بەشە ناوەندە فیکری دابڕان یەکسان دەبێت بە ئیدارەکردنی ململانێ رۆژانەیەکانی نێوان تەوژم و لایەنە نیشتمانیەکان لە روانگەیەکی (ئانی) بێ پاڵپشت لە رووی تیۆری و فیکریەوە٠ دیسانەوە باسکردنی توندوتیژی لەم چوارچێوەدا لێکدانەوە رەشبینەکانی کەسێکی وەکو (هۆبز و فرۆید) رەتدەکاتەوە٠چونکە لای ئەو دوو هزرڤانە توندوتیژی دەبێتە بەشێکی ئۆرگانی و زگماکی مرۆڤ خۆی و پێیان وایە ئەم کائینە هەر لەبنچینەوە خۆپەرست و شەڕخوازو توندوتیژە٠هەر بۆیە ئەم دیدە بەتایبەتی لە بەرگە هۆبزیەکەیدا پێشنیاری سەپاندنی دەستەلاتێکی توند بەسەر کۆمەڵگەدا دەکات بۆ جڵەو کردنی ئەم غەریزە وێرانکەرەی مرۆڤ و هێشتنەوەی مانا و پانتایەك بۆ ژیان لە سایەی ئاسایش و بەیەکەوە ژیانێکی سیستمایزەکراوی کۆمەلایەتیدا٠ هەروەها ئەو راڤە دۆگمایانەش رەت دەکاتەوە کە ئەم تیۆرە لە بواری بایەلۆژیا و سایکۆلۆژیاوە دەگوازرێتەوە بۆ کایەی کلتور و توندوتیژی دەکەن بە موڵکی شەرعی کلتور و فەرهەنگ و تەنانەت قەڵەمرەوێکی جوگرافی دیاریکراو٠دەبێت ئێمە لە کاتێکدا لەمەڕ پرسێکی گرنگی وەکو توندوتیژی سروشت و میکانیزم و رەهەندەکانی دەوەستین و قسە دەکەین، ئەوەمان لەبیر

نەچێت کە نابێت سروشتی خوێناوی سەدەی نۆزدەهەم بە تایبەتی سەدی بیستەممان لەیاد بچێت، کە هەندێك لە رۆشنفیکران و بیرمەندان بە خوێناویترین و پڕ توندوتیژترین سەدەی ژیانی مرۆڤایەتی نێو مێژووی لەقەڵەم دەدەن٠مەبەستمان لەم قسەیە ئەمەیە کە بە پەی بردن بۆ رەگ و ریشەکانی توندوتیژی و چۆنیەتی رەگ داکوتان و شێوازی ئیشکردنی لە کایەی سیاسەت و تەنانەت لە پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتیشدا، نابێت زۆر بگەڕێینەوە بۆ قوڵایی مێژوو بەو واتایەی زۆربەی لێپرسراوێتیەکان بخەینە سەر مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی یاخود رەگەکانی بە شێوەیەکی زیادەڕەوانە بگێڕینەوە بۆ پێش مۆدێرنە٠لەگەڵ پێویستی فەرامۆش نەکردنی دیدی مێژوویی بۆ لێکدانەوەی توندوتیژی بەڵام ئەم دیدە لە باری دا نیە بمانگەیەنێتە بەرەنجامێکی راست و شیکردنەوەی رەگەزە پێکهێنەر و سەرەتاییەکانی و دەست نیشانکردنی یاساکانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوە و لە قاڵبدانی٠چونکە ئەو توندوتیژیەی ئەمرۆ لە ئارادایە واتە ئەم مۆدێلە لە توندوتیژی تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن و دەوڵەتی هاوچەرخ و شێوەی کۆمەڵگە لەچوارچێوەی قەوارەی دەوڵەت – نەتەوەدا٠پێویستە رۆڵی دەرکەوتنی ئایدۆلۆژیا گەورەکان و داروینیزمی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی بۆ لێکردنە نەتەوەیی و ئایینی و کلتوری و شارستانی رەگەزیەکان لەسەر بناغەی هەندێك تیۆری بایۆلۆژی و ئەنسرۆپۆلۆژی و سوسیۆلۆژی نوێ لە فراوانکردنی توندوتیژیمان لەبەرچاو بێت٠ وەك تەرحێك بۆ راگرتنی هاوسەنگی نێوان تەوژمەکانی کۆمەڵگە و خولقاندنی رووبەرێك بۆ یەکگەیشتنی عەقڵانی و بەیەکەوە ژیان لەسەر بنچینەی پرەنسیپی هاوڵاتی بوون٠لە عەقڵە خوێناوی و تراژیدیاکەی خۆیدا بە شێوەیەکی ئێجگار ترسناك لەژێر کاریگەری ماکیاڤیلیزم و بزوتنەوەی کۆلۆنیالیزم و دواتر ناسیۆنالیزمێکی توندڕەو کۆمۆنیزمدا بووە٠هەر لە چوارچێوەی ئەم فیکرەشدا مەرگی ئەخلاق لە کایەی سیاسەت و ئاراستەکردنی کۆمەڵگەدا راگەیەنرا٠

شەرعیەت دراوە بە شاڵاوەکانی داگیرکردنی وڵاتان و پاکتاوکردنی نەژادی و پرۆسە بەکۆمەڵکوژیەکان٠هەروەها سیستەمێکی نێودەوڵەتی ناعادیلانە و زاڵم هاتووەتە کایەوە کە تا ئێستا بەدەست ئەو ناهاوسەنگی و ستەمەوە دەناڵێنێت٠لەبەر ئەوە ئەوانەی دەیانەوێت بوونی توندوتیژی لە کلتوری سیاسی هاوچەرخی ئێمەدا تەنها بە مێژووی ناوچەکە لێکبدرێتەوە نەك هەر ناتوانن تەفسیرێکی راست و دروست بدەن بە ئێمە بەڵکو لەوەش خراپتر لێکدانەوەکەیان دەبێتە پاساوێکی ئایدۆلۆژی بۆ ئەو توندوتیژیەی کە بووەتە خورەی پەیوەندیە ئینسانیەکان و لە ئێستادا لە ئارادایە٠رێگامان لێدەگرێت لەوەی دیدێکی مەعریفی لەمەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەکە و دەرچوون لە بازنە داخراوە نامرۆڤایەتیەکانی بنیات بنێین و لەسەر گرنگترین عەڵقەکانی بووەستین٠ رەنگە هێشتا مابێتی بەشێك لە ناوەندە فیکری و سیاسیەکەی ئێمە دەرك بەو مەرگەسات و تراژیدیا گەورە بکات کەبە تەعبیری بورهان غلیون مۆدێرنەیەکی تێکشکاوی بە ئایینکراو بەسەر ئێمەدا هێناویەتی (٢)٠ کە بەداخەوە هەندێك گروپ و بزوتنەوەی ئیسلامیشی لێرەو لەوێ بەرهەمهێناوە کە زیاتر لەوەی رەنگدانەوەی رۆحی ئیسلام و رەمزی لە دایکبوونێکی سروشتی بن، مۆرکی کاردانەوەیەکی نەخۆش و شێوازی ئیشکردنی هەندێك لە ئایدۆلۆژیا مۆدێرنەکان بە تایبەت مارکسیزمیان لەخۆگرتووە لە وێنەی گروپە تەکفیریە توندوتیژەکان٠

هەموو ئەم سەرنج و تێڕامانانە بەرەو ئەوەمان دەبەن کە ئێمە پێویستیەکی گەورەمان بە توند و تیژی ناسینە··· نابێت بە نیازی ئەوەش بین تیۆرە سایکۆلۆژی و سیسۆلۆژیە خۆرئاوایەکان بتوانن بەتەواوی کەرەسەکانی ئەو ناسین و مەعریفەیەمان پێ بدەن ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو تیۆرانە بەسیفەتی ئامرازێکی راڤەکردن پشتگوێ بخەین و سوودیان لێوەرنەگرین چونکە کارێکی لەوجۆرە نەگونجاوە·بەڵام بۆئەوەی وێنا و تێرامان و دەست نیشانکردن و بەرەنجام گیریەکانمان تەواو دەرچن و ئاوێنەی واقیعی قەیارە و سروشتی توندوتیژی بن لە کۆمەڵگەدا دەبێت لە پاڵ ئەو ئامرازە تیۆریانە دا رەهەندە کلتوری و سایکۆلۆژی و ئایینی و شارستانی و نەتەوەیە تایبەتەکەش لەبەرچاو بگرین بەڵکو لەسەروو ئەوەشەوە بۆ بەرچاو روونی تەواو دەبێت پەنا بەرینە بەرلێکۆلینەوەی مەیدانی و بابەتی و بێلایەن و زانستی وەك دەرخەرێکی قەیارەی دیاردەکە و ئەزمونکردنی ئەو ئامرازە تیۆریانەش کە بەکاری دەهێنین·توندوتیژی ناسینیش وەنەبێت هەروا کارێکی ئاسان بێت لە رووی عەمەلیەوە، هەڵبەت نەك لەبەر تەلیسماوی بوون و ئاڵۆزبوونی زیاد لە سنووری دیاردەکە، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەی نەکەش و هەوا نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکە و ناواقیعە ناوخۆیەکەش بەتایبەتیش لە رووی سیاسیەوە یارمەتیدەرێکی باش نین بۆ سەرگرتنی پڕۆژەیەکی لەو جۆرە و کاراکردنی رۆڵی رۆشنبیری و بەیەکەوە ژیان ئاشتیخوازی و لێبوردەیی·

چونکە سەرەنجام توندوتیژی مەسەیەك نیە دابڕاو بێت لە رێ و جێی نوخبە سیاسی و فکریەکە و دابەشبونە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی کۆمەڵگە·توند و تیژی و لێبوردەیی دوو چەمکی (مجرد) ی فیکری چوارچێوەی ژوورە داخراوەکانی ناوەندە ئەکادیمیەکان نین، دیدێکی ئایدیالیستانەی ریزپەڕی ناو روو پەڕی کارەکانی هەندێك فەیلەسوفی سەر هەڵگرتوو نین بەڵکو راستەوخۆ پەیوەستن بە مەسەلەکانی وەك شەرعیەتی سیاسی و گۆڕین و چینەکانی دەسەلات و دابەشکردنەوەی سەرمایە رەمزی و مادیەکان و سیاسیەکان بەگشتی·لێبووردەیی شتێك نیە تەنها بە یاسا بسەپێنرێت بەڵکو کارلێککردنێکی قوڵ و کاریگەری ناو هەناوی کلتورێکە، دووبارە خوێندنەوەی مێژووە·پێداچونەی تێڕوانینەکانە بۆ مرۆڤ و سروشتی مرۆڤ· بەڵکو جۆرێکە لە هەڵوێست گرتن بەرامبەر بە مرۆڤ·ئەم قسانە ئەوەندە گومانکردنێکی فیکریە هێندە بانگەشە نیە بۆ رەشبینی بە مانا رۆمانسیە باوەکە···شەڕ لەگەڵ توندوتیژیدا جورئەت و خۆنەویستی و کراوەیی و رەخنەگرتن و بەخوداچونەوەیەکی فراوانی دەوێت·ئێمە تا ئەو کاتەی لە فەزایەکی نەخۆشدا قانگی بەسەر خۆدا داخران و دەمارگیری حیزبی و خێڵایەتی سیاسی بدەین، تا بەرامبەر ئەو سەرزەمینە کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسیانەی رق و کینە و کەراهیەت و بوغز بەرهەمدێنن بێباك بین، تا وێنامان بۆ دەسەلات نەگۆڕین و بەکردەوە بەئیرادە و خواست و بەرژەوەندیەکانی خەڵك سنوردار نەکرابێت، تا خەڵکانێکمان هەبن لەسەرو یاساوە، تاوەکو یاساکان رەنگدانەوەی ناخ و فەرهەنگ و واقیع و پێداویستیەکانی کۆمەڵگە نەبن و نوخبەیەك وەك بەشێك لە رمبازێنە خۆش خەیاڵەکانی خۆی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بیسەپێنێت، تا سنورێك بۆ (امتیان)ی ناڕوا و جیاوازی کردن لەسەر بناغەی رەگەز و نەتەوە و ئایین و مەزهەب و ئینتمای سیاسی دانەبڕێت، تا دەماری تۆڵەکردنەوە و تورەیی و خوێنرێژی لە رۆحی مرۆڤەکاندا سست نەکەین، تا نا عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ستەمی کلتوری و مێژووپەرستی و

غەربگەرایی لە نێو کۆمەڵگەدا پاشەکشە پێنەکەین٠تا حورمەت بۆ فیکر و مەعریفە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەبەرامبەر وێنا کردنی بەرامبەرەکان وەك شەیتان و دوژمن نەگێڕنەوە و سنور بۆ پڕوپاگەندە و ژەهراوی کردنی سیاسی دانەنێین٠٠٠ناتوانین بڵێین لە کاروانی هەوڵێکی جدیداین بۆ بەگژاچوونەوەی توندوتیژی و پاشەکشێ پێکردنی٠چونکە هەموو ئەوانەی باسمان کردن و زۆر شتی تریش کە لێرەدا بوار نیە باسیان بکەین خانە و کورەکانی بەرهەمهێنانی دیاردەکە و بەردەوامبوونیەتی٠بەرامبەر ئەو پرسیارەش کە ئایا هیچ دەرفەتێك هەیە بۆ لاوازکردنی کلتوری توندوتیژی بۆ ئەوەی بە ئەریێ وەڵام بدەینەوە ئەوەندەمان بەسە بڕوامان بە ئیرادەی مەزنی مرۆڤ هەبێت ئەو شتەی لەگەڵ کاراکردنیدا زۆرێك لە حەتمیەتەکان رادەماڵێت و بزوتنەوەی مێژوویش بەجۆرێکتر ئاراستە دەکات٠گەرچی وروژاندنی باسی ئیرادە لەم شوێنەدا بە ناچاری دەمانباتەوە سەرباسی بوون و نەبوونی یاخود قەبارەی ئامادەبوون و ئەم وتارە لە روانگەی ئەو دیدەی هەیەتی بۆ سروشتی مرۆڤ پێی وایە لەگەڵ بوونی(مصداقیة)ت و جدییەت و زانستی بوون و قەناعەتی تەواودا دەتوانرێت مانایەکی پرشنگدارتر لەوەی ئێستا هەیە بۆ فەرهەنگی پێکەوە ژیان و قبوڵکردنی یەکتر و شەرعیەتدان بە جیاوازیە سروشتیەکان و لێکبوردن پەیدا بکرێت٠چونکە ئەگەر لە روانگەیەکی قورئانیەوە سەیری سروشت و (فطر)ەی مرۆڤ بکرێت لەو دیدە رەشبینیەوە دەرماندەکات کە توند و تیژی دەکات بە بەشێك لە پێکهاتەی رۆحی و سایکۆلۆژی مرۆڤ و دەیکات بە دیاردەیەکی ناکۆمەڵایەتی٠قورئان دەربارەی مرۆڤ و دەروونەکەی دەفەرموێت:﴿ و نفس و ما سواها فألهمها فجورها و تقواها قد افلح من زكاها و قد خاب من دساها ﴾ لە روانگەی ئەم ئایەتەوە و چەندین ئایەتی ترەوە تێدەگەین کە مرۆڤ و دەروونی هەڵگری هەردوو ئەگەری چاکە و خراپەیە٠هەڵگری تۆوی لێبوردن و توندوتیژیە٠لێرەوە رۆڵی بنچینەیی پرۆسەی پەروەردە و خێزان و کۆمەڵگە و کلتور و سیستەمی سیاسی دێتە پێشەوە کە مرۆڤ بەکام ئاراستەدا دەبەن و کام رەهەندە لە قەوارەی ئەم مرۆڤە گەشە پێدەدەن و کامەشی دەپوکێننەوە و بچوك دەکەنەوە٠ئەم دیدەش تا رادەیەکی بەرچاو لەگەڵ دیدی زۆرێك لەو بیرمەند و رۆشنبیر خۆرئاوایانە یەکدەگرێتەوە کە بۆچوونەکانی وەك هۆبز و فروێدیان قبوڵ نیە و مرۆڤ دەکەن بە بونەوەرێکی کلتوری و ژینگەی کۆمەڵایەتی٠کاتێکیش توندوتیژی خۆڕسك نەبوو لە رێی بە کۆمەڵایەتی بوونەوە هات، ئیتر دەرگا بە رووی تەقاندنەوەی وزە بیناکەرەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا دەکرێتەوە٠عەقڵ لەبەردەم حەتمیەتی بایۆلۆژی یاخود سایکۆلۆژیدا خۆبەدەستەوەدانی خۆی راناگەیەنێت بەڵکو لە دەرگا جۆراوجۆرەکان دەدات و فۆرم و نەخشەی جۆراجۆریش ئەزموون دەکات ئێمە وتمان هەڵوێست بەرامبەر مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ، مرۆڤی بەئامێرنەکراو مرۆڤی پڕ لە رازی (فطرة)٠مرۆڤێك پێش ئەوەی ژیانی پەیوەست بێت بە سوری خوێنەوە بەهەناسەی خودا زیندووە٠ کاریگەری گەورەی هەیە بەسەر تێڕوانیمان بۆ توندوتیژی و جۆری چارەسەرکردنی٠هەر لەم سیاقەشدا پێم وایە داڕشتنی تیۆرێك بۆ دژایەتی کردنی توندوتیژی و پاشەکشە پێکردنی لە ناو کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی ئێمەی بە زۆرینە موسوڵمان و خۆرهەڵاتی، بەڵکو بەنەریت کردنی ئەو تیۆرە لە بەرگە وردکراوە میللیەکەیدا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ناو کانونە فەرهەنگیەکەی لەمەڕ خۆمان خوێندنەوەی ئەو فەرهەنگە و هەوڵدان بۆ دارشتنی پایەکانی هیومانیستیەکی تایبەت

بەخۆمان• بێئەوەی تایبەتی لەم شوێنەدا بە مانای پەنجەرە داخستن بێت بە رووی کلتوری مرۆڤایەتیدا• مەسەلەی بنیاتنانی ئەم دیدە و تەرحکردنی ئەم تیۆرە چوارچێوەیە تا رادەیەکی زۆر مەسەلەی جدی بوون یا خودی جدی نەبوونە لە تێکشکاندنی بازنەکانی توندوتیژی و شککردنەوەی سەرچاوەکانی•من دەزانم تەرحکردنی بیرۆکەیەکی لەمجۆرە کەسانێك لە ناوەندە رۆشنبیریە خۆ بە عەلمانی زانەکەی کوردستان تووشی سەراسیمەبوون دەکات رەنگە لای هەندێکیشیان شێوە چارەسەری لەمجۆرە بچێتە خانەی بیر لێنەکراوەکانەوە رەنگە لای بەشێك لە ناوەندە ئیسلامیەکەش بە پرۆسەی دەستەمۆکردنی خودی ئیسلام دابنرێت!! بەلاَم لای رۆشنبیرێکی ئیسلامی کراوە بەسەر رۆحی مەزنی ئیسلام و سەردەمەکەیدا رۆشنبیرێکی‌تری جدی کە لانی کەم لەسەر ئاستی فەرهەنگ و شارستانیەتی خاوەنی (ئینتما)یە بایەخی ئەم بیرکردنەوە رۆژبەرۆژ زیاتر دەبێت•لەپاڵ ئەمەدا پێویستیمان بە تێپەراندنی شوناس و ئاوەڵناوە فەرعیەکان دەبێت بۆ گەیشتنەوە بە حەقیقەتە بنچینەیەکانی شتەکان لە پێناو پەرتنەبوونی تێڕوانینمان بۆ بوونەکان و دیاردەکان و بنیاتنانی وێناکردنێکی راست و دروست لەمەڕ جەوهەرەکان•بانگەشەش بۆ داڕشتنیش بۆ دیدێکی سەربەخۆ لەمەڕ توندوتیژی و دیاردەکانی تریش پێش ئەوەی پێداویستیەکی رۆحی بیت راستیەکی سوسیۆلۆژیە• چونکە لە روانگەی کۆمەڵناسیەوە ناکرێت بیر لەوە بکەینەوە کلتورێك (لەدەرەوەی بازنەی شارستانی و کلتوریەوە) جێگای سەرلەبەری کلتورێکی تر بگرێتەوە ئەو مەسەلەی کە لە سەدەی بیستەمدا بەشێك لە نوخبەی سیاسی و فیکری ویستیان لەگەڵ کلتوری ئیسلامیدا ئەنجامی بدەن و کلتورە خۆرئاوایەکە بکەن بە جێگرەوەی کۆی بوونە کلتوریەکە•هەوڵێکی لەمجۆرە دەتوانێت کلتور توشی شێواویەکی ناوەکی گەورە بکات و پەککەتەیی و رێگرتن لە خۆ تازەکردنەوە و داهێنانی بکات بەلاَم زۆر زەحمەتە بتوانێت پرۆسەی هاتنە سەرخۆ و هەڵسانەوە و بوژانەوە بگەیەنێتە ئەنجام•یاخود بەهاکانی لێبودەیی و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە لە پەیوەندیە کۆمەڵگەیەکاندا کارا بکات•چونکە ئەم پرۆسەیە خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی توندوتیژە و لە هەناویدا دیدێکی نافرەیی هەڵگرتووە کە لەم رووەشەوە دیسانەوە دەبێتە هۆکارێکی تری پەرەدان بە توندوتیژی •

ئەگەر لە رووی رۆشنبیری سیاسیەوە سەیری مەسەلەکە بکەین لەکەشوهەوایەکی لەمجۆرەدا سیاسەت لەوە دەردەچێت رەنگدانەوەی واقیع و فەرهەنگ و ئایین و بیروباوەڕ و پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگە خۆجیەکە بێت بەڵکو گەر دەستەواژەیەك لە بورهان غلیونیش بخوازین سیاسەتێکی لەمجۆرە دەگۆڕێت بە کودەتاچێتی، کانگای بەرهەمهێنانی توندوتیژی گومان لەوەدا نیە کە کلتوری ئیسلامی و کوردەواری بارگاویە بەرەگەزی توندوتیژی جۆراجۆرەوە تێدایە •بەلاَم لە هەمان کاتدا کەرەسەی خاوی لێبوردەیی و ئاشتیخوازی و بەیەکەوە ژیانیشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە•بۆیە ئەگەر تەوژمێکی کۆمەلاَیەتی کات بیەوێت (شینی) ستراتیژیەتی رۆشنبیری ناتوندوتیژی بکات دەتوانێت بە بوژانەوەی ئەم رووەی فەرهەنگ قولاَیەك بە پرۆژەکەی ببەخشێت•گەر توندوتیژی لە روویەکەوە هەڵویست بێت بەرامبەر بە مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ و بەسوك سەیرکردنی و لێبوردەیی تەرحێك بێت بۆ هاوکاری و هەڵویست گۆڕێن لەبەرامبەردا تێکشکاندنی ئیرادەی بەرامبەر بەڵکو سڕینەوەی ئەودا ئەوا نەك هەر لە کلتوری ئێمەدا بەڵکو

لە خودی قورئاندا وەك دەقێكی دامەزرێنەری (معیاری)ی یان كلتوری (بەمانا باوەكەی) دیدی مرۆڤی خاوەن كەرامەت دەدۆزینەوە ﴿ ولقد كرمنا بنی آدم ﴾ بەدەر لەوەش لە قورئاندا مرۆڤ رەهەندێكی موتەعالی پیرۆز وەردەگرێت كە لە سنوری مرۆڤ بوونی خۆیدا سیفاتەكانی خوای گەورەی تیا رەنگ دەداتەوە٠ئەویش لەو روانگەوە كە مرۆڤ، ئادەمیزاد لە قورئاندا جگە لەوەی خوای گەورە خۆی بەدیهێناوە كە ئەمەش دیارە گەورەیی و كەرامەتی پێدەبەخشێت لە هەمان كاتدا لە رۆحی خودا خۆی تێدایە ﴿ و نفخنا فیه من روحنا ﴾ گەر رۆحیش گەوهەری شتەكان بێت كەواتە مرۆڤ لە جەوهەری خودای تێدایە ٠لێرەوە دەتوانین بیر لە جۆرێكی نویێ لە هیۆمانیستی بكەینەوە ئەویش ئەو بۆچونەیە كە قورئان تەرحی دەكات لەم بۆچوونەشدا مرۆڤ خولگەیە هەموو مرۆڤ بۆ خزمەتكردنی ئەو دروستكراوە٠فریشتە وەك رەمز بۆ پاكیزەیی و نورانێتی رەها كڕنووشی بۆ بردووە٠بێئەوەی ئەم خولگە بوونەی مانای پچرانی بێت لە زاتی خودای موتەعال بەوجۆرەی تا رادەیەكی بەرچاو لە ئەزمونی خۆرئاواییدا بەتایبەتیش لە چاخی رۆشنگەریدا دەبینین٠ چونكە ئەو هەر لە بنەڕەتەوە گەورەیی و پیرۆزی لەوەوە وەردەگرێت بەمەش لەو هەڕەشانە رزگاری دەبێت كە هیومانیستی چاخی رێنسانس و رۆشەنگەری ئەوروپی بۆ سەری دروستی دەكەن كەلە وەهمێكی گەورەدا هەوڵی بەخوداكردنی مرۆڤ دەدات بەڵام وردە وردە سەری لە بە ئامێر بوون و نامۆیی و دەستەمۆیی رۆحیەوە دەردەچێت لانی كەم لە هەندێك بوارەكانی ژیانی تاك و كۆمەڵگەدا٠

بایەخی ئەم زمانە لە قسەكردن و تیۆریزەكردن لەو رووەوە زیاتر دەردەكەوێت كە زمانێكی هاوبەشی دەستەبژێر و بنكە میللیەكەیە بەیەكگەشتنی رۆشنبیری باڵا و رۆشنبیری میللیە بەدیوەكەی تریش دا بەخەڵكی كردنی پرسی دژایەتی‌كردنی توندوتیژی و بانگەشەكردن بۆ فەرهەنگی لێبوردەیی و مرۆڤ دۆستیە بەمجۆرە دەتوانین خەبات بۆ مەسەلەیەكی لەم ئاستە پەرینەوە ناو فەرهەنگی رۆژانەی خەڵك چونكە بە زمانێك دەیاندوێنین كە لێمان حاڵی دەبن لەگەڵ سود وەرگرتن لە ئەزمونە گەشەكانی دونیا بەكەرەسەیەكی رۆشنبیری وا قسە دەكەین كە نامۆ نیە بە مێژوو و واقیع و رۆحیان٠ئیشكردن لەسەر بنكە میللیەكەش بۆ وشككردنی سەرچاوەكانی توندوتیژی گرنگی خۆی هەیە ئەوكاتە مەسەلەكە دەبێت بە كلتور وەك (استغلال) كردنی نوخبەیەكی خاوەن بەرژەوەندی و بەرچاو تەنگ لە خەڵكە گشتیەكە بۆ دابینكردنی سوتەمەنی شەڕەكانی، چەند گرنگە لەناو خەڵكێكی موسوڵماندا لەوێوە دەست بەگێڕانەوەی (اعتبار) بۆ خود و گەورەیی مرۆڤ بكەین كە بڵێین خوای گەورە لە فەرمودەیەكی قودسیدا(٤) دەفەرموێت: (مرۆڤ بینای خوایە نەفرەت لەوەی دەیڕوخێنێت و هەوڵی روخاندنی دەدات) لە چوارچێوەی بازنەی زۆرینەی موسڵمانی گەلی ئێمەدا هەندێك سەرەتا و پرەنسیپ بكەینە ناونیشانی بەیەكەوە ژیانی ئاشتیخوازانە وەك (انما المؤمنین اخوة) باوەڕداران براتانن (المسلم اخو المسلم لایظلمه ولا یخذله ولایسلمه بحسب امرأ من الشر ان یحقر اخاه المسلم) موسڵمان برای موسڵمانە ستەمی لێناكات سەری شۆڕناكات نایدات بەدەست دوژمنەوە ئەوەندە تاوان بەسە بۆ موسڵمانێ كەبەچاوی سوك سەیری براو خوشكە موسڵمانەكەی بكات٠ بەم جۆرەپرسی توندوتیژی و ناتوندوتیژی دەبەینە چوار چێوەی خێزانێكی عەقیدەیی و لە ئینتیمایەكی گەورەوە٠ بەڵكو لەچەند ئایەت و فەرمودەیەكی تردا

موسوڵمانان و باوەڕداران کراون بەیەك جەستە ﴿ مثل المؤمنین فی توادهم و تراحمهم و تقاطفهم کمثل جسد واحد اذا اشتکی منه عضو تدعی له سائر الجسد بالسهر والحمی ﴾ ئەم ئینتما هەیە لەناویەکتردا لەبواری هاوکاری و هاریکاری و هاودەردی کۆمەڵایەتی و رۆحیدا مەسەلەی توندوتیژی دەکات بە مەسەلەیەکی شەخصی بەو مانایەی هەموو هەوڵی بۆ وێرانکردنی بەرامبەر لە بنچینەدا هەوڵدانە بۆ وێرانکردن و خۆ نەفرەت کردن٠ هەروەها دەرەنجامەکانی لە سنوری حسابکردنێکی رووتی بەرژەوەندی ئەم دونیایە دەردەکات و رەهەندێکی خوایی و ئاسمانی و رۆحی قوڵی پێدەدات٠کۆمەڵگەیەك تاکەکانی فێر بکرێت (لا یؤمن احدکم حتی یحب لآخیه مایحب لنفسه) هەروەها هەروەکو لە فەرمودەیەکدا هاتووە خوای گەورە دەفەرموێت: (هەڵگێرانەوە و وێرانکردنی ئاسمانەکان و زەوی لای خوای گەورە ئاسانترە وەك لە رشتنی خوێنی موسڵمانێك بە ناحەق) بەڵکو قەدەغەکردنی توندوتیژی دادەبەزێتە ئاستی ئازاردانی دەروونی هەروەکو پێغەمبەر دەفەرموێت: (لایحل لمسلم ان یروع مسلماً ولو بطرفة عین) رەوا نیە موسوڵمانێك ترس و تۆقین بخاتە دڵی موسوڵمانێکەوە با بە تیلەی چاوێکیش بێت٠٠٠

لە بازنەی مرۆڤایەتی و خاوەن ئایینەکانی تریشدا فەرهەنگی ئێمە بەڵکو ئایینی ئێمە هەڵگری چەندین سەرەتای گەردونیە گەر کار لەسەر ئەم رووەی بکرێت و گەشەی پێبدرێت قورئان بانگەشەی خاوەن ئایینە ئاسمانیەکانی تر دەکات بۆ کوبوونەوە لەسەر بنچینە هاوبەشەکانی وەك یەکتاپەرستی و رەتکردنەوەی خۆسەپاندن و پەتای خۆ بە خوداکردنی هیچ لایەك بەسەر لاکەی تردا٠﴿ قل یا اهل الکتاب تعالوا الی کلمة سواء بیننا و بینکم الا نعید الا الله و لا نشرك بة شیئاً ولایتخذ بعضنا بعضاً ارباباً من دون الیه ﴾ هەروەها دەفەرموێت:﴿ ولا تجادلوا اهل الکتاب الا بالتی هی احسن ﴾ کە ئایەتەکە داوا لە موسوڵمانان دەکات بە دوای شایستەترین شێوازی حیواردا بگەڕێن لەگەڵ خاوەن پەیامەکانی تردا و پێغەمبەر (د٠خ) لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت (هەر کەسێك ناموسولمانێك لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا ئازار بدات ئەوە منی ئازار داوە) کە ئەم دەقە لەم رووەوە یەکجار گرنگە و بەئیش لەسەرکردنی ویژدانی ئیسلامی تاکی موسوڵمان بە توندی رادەچڵەکێت چونکە تاوانی ئازاردانی هاوڵاتیانی ناموسوڵمان دەگەیەنێتە ئاستی تاوانی ئازاردانی پێغەمبەری ئیسلام٠

هەروەها لە کلتوردا هەندێك ئاوڕدانەوەی گەردونیمان پێش چاو دەکەوێت کە زۆر خزمەت بە داڕشتنی ئەم دیدە دەکەن وەك ئەوەی عومەری کوڕی خەتاب بەرامبەر بە زللەدان لە گەنجێکی مەسیحی دەڵێت: ( ئەوە لە کەنگێوە خەڵکیتان کردووە بە کۆیلە لە کاتێکدا بە ئازادی لە دایك بوون) تۆ بڵێیت ئەم هەناسە عومەریە زیندوو بوایە بۆ فێرکردنی دەیان هەزار مرۆڤ لە گەلی ئێمە و ملیۆنان قوربانی لەسەر زەوی دا لە مێژووی هاوچەرخدا چی تۆمار بکرادیە؟ ئەم دیدە شەرعیەت لە کۆیلەیی و ژێردەستەیی دەسێنێتەوە و ئەمەش رەت دەکاتەوە کە پێگە و مەکانەت و دەسەڵات سودی خراپی لێوەربگیرێت بۆ ملکەچ پێکردنی کەسانی دی و بەکارهێنانی توندوتیژی لەگەڵیاندا٠

هەروەك عەلی کوڕی ئەبی تالب دەڵێت: (خەڵکی یان لە بیرو باوەڕ دا براتن یاخود لە مرۆڤایەتیدا هاوتاتن) واتە ئەگەر پەیوەندی بیر و باوەڕیش نەبێت پەیوەندیە ئینسانیەکە کراوەیە بە رووی هەمواندا هەڵبەت ئێستا لەژێر کاریگەری بیری سیاسی مۆدێرنەدا هەندێك

**پرنسیپی گشتی تریش دروستبوون وەك هاولاَتی بوون كە ئەمیش دەتوانێت خزمەت بە سەقامگیری سیاسی و رووبەڕوو بوونەوەی هەلاَواردن و دابڕانی توندوتیژی سیاسی و كۆمەلاَیەتی بكات٠**

**ئەمە زۆر گرنگە كە لەو خەلَكە تێبگەیەنین خوای گەورە لێبوردەیی و برایەتی خۆش دەوێت و رقی لە رق و كینە و بوغز و گیانی تۆلَەسەندنەوە و وێرانكەرە و پێغەمبەر (د٠خ) وەسفی خۆی دەكات كە: (ان الله بعثنی معلماً ولم یبعثنی معنفاً) واتە خوای گەورە منی وەك ماموٚستا و رێنیشاندەرێك ناردووە نەك وەك كەسێك مومارەسەی توندوتیژی دەكات (جیهاد) یش لە مانا ئیسلامی و قورئانیەكەی دا بۆ پیادەكردنی(لا اكراه فی الدین)ە بۆ نەهێشتنی زۆر لێكردن و رەتكردنەوەی ستەمە نەك بۆ سەپاندنی بیر و باوەڕ٠ ﴿ اذنت للذین یقاتلون بانهم ظلموا و ان الله علی نصرهم لقدیر ﴾ جیهاد بۆ لابردنی زولَم و ستەم لە كۆمەلَگایەك دا كە ئاسان نەبووە خەلَك بە تایبەتی بەرامبەری ستەمكار و كوێ دوٚخە كۆمەلاَیەتی و كلتوریەكە لەم قسانە تێبگات كە ئێمە دەیكەین٠هەروەك وتمان گرنگ لەو خەلَكە تێبگەیەنین كە بەرجەستەكردنی (تەقوا) لە خۆتاندا كە رێگای چوونە بەهەشت و رەزامەندی پەروەردگارتانە داوای ئەوەتان لێدەكات رق و تورەیی خۆتان بخۆنەوە و بەرامبەر بەخەلَكی چاوپۆش و لێبوردە بن ﴿ والكاظمین الغیظ والعافین عن الناس ﴾ و پێیان بلَێن چونە بەهەشتی ئێوە پەیوەستە بەخۆشویستنی خەلَكیەوە هەروەك پێغەمبەر (د٠خ) لە فەرمودەیەكدا دەفەرموێت (ناچنە بەهەشتەوە تایەكتریتان خۆش نەوێت ئایا شتێكتان پێ نیشان بدەم گەركردتان یەكتریتان خۆشدەوێت؟ ئاشتی لە ناو خۆتاندا بلاَو بكەنەوە (افشوا السلام بینكم) سلاَو لە یەكتری كردن كە رەمزی خۆشەویستی و ئاشتیە بكەن بە نەریتێكی باوی ناوخۆتان بۆ ئەوەی لە هەل و دەرفەتێكدا جەخت لەسەر هەلَوێستی برایانە و و ئاشتیخوازانە بەرامبەر بەیەكتر بكەینەوە٠دەمێنێتەوە ئەوەی هەر وەك دكتۆر خالص چەلەبی لە كتێبەكەی خۆیدا (سایكۆلۆژی توندوتیژی) (٥) دەلَێت:چۆن ئەوەی باسمان كرد لە پرەنسیپێكی ئەخلاقیەوە بگۆڕین بۆ پرنسیپێكی سیاسی؟ ٠لەئارامی دەروونیەوە بۆ ئارامی سەقامگیری كۆمەلاَیەتی٠دەربارەی ئەمە دەخوازێت پێش هەموو شتێك بۆچونی خەلَكی خۆیان خاوەنی دەسەلاَت بن نەك كەس و گروپ و پێكهاتەیەكی كۆمەلاَیەتی و حیزبێكی دیاریكراو٠بۆ ئەوەی سنور بۆمەیلە دەسەلاَتخوازیەكان دابنرێت و دەسەلاَت لە دەسەلاَتێكی هۆبزیەوە بگۆڕێت بۆ دەسەلاَتێكی خزمەتگوزار و فەرهەنگی خەلَك سالاری بە تەواوەتی هەژموونی دەسەلاَتخوازی كەم بكاتەوە و سیاسەتیش زۆرتر بگێرێتەوە بۆ هەرێمی ئەخلاق و فەزیلەت بە مانا فەلسەفیەكەی٠دیارە بۆ گۆڕین لە ئەخلاقیەوە بۆ سیاسی دەتوانین سوودێكی زۆر لەم دەستكەوتانەی بیری سیاسی مۆدێرن و ئەزمونەكانی تری جیهان وەربگرین٠هەر لەم میانەدا زەمینەساز كردن بۆ بەدیهێنانی فرە لایەنی سیاسی و فیكری ناوەڕۆكدار بەو مانایەی فرەلایەنی هاوكات بێت لەگەلَ بوونی دەرفەتی یەكسان بۆ گەشەكردن و رادەربڕین و چالاكی نواندن و بەشداریكردن لە دەسەلاَت و چەندان شتی تر نەك بەجۆرە پڕ كەموكورتیەی ئێستا لە ئارادایە دیارە چەسپاندنی ئەم پرنسیپە لە كایەی سیاسی و فیكری و رۆشنبیریدا وە لانانی سێبەری لەشكری حیزب و هەلَوەشاندنەوەی ئەو دام و دەزگایانەشی دەوێن كە لەگەلَ حیبزبێكی مەدەنی هاوچەرخدا ناگونجێن جگە لەوەی**

دەبێـت دەسـەڵات یـاخود حکومـەت ناوەنـدێکی بێلایـەنی سـەرو تەوژمـە سیاسـی و کۆمەلایەتیەکان بێت٠

تێرمـی توندوتیـژی و بیرکردنـەوە لـە دیاردەیـەکی وا ترسـناك لـە پێنـاو دۆزینـەوەی چارەسەرێکی هەمەلایەنی کاریگەر بۆ سنوردارکردن و لە قاڵبدان و لاوازکردنی رەگەکانی لەسەر زەینی فیکر و ژیانی کۆمەلایەتی و کایەی سیاسیدا زۆر شتی تر دەخوازێت کە لێرەداو لەبەر درێژنەبوونەوەی وتارەکە لەمە زیاتر، دەتوانین تەنها ئاماژەی خێرایان پێبکەین٠

دەبێت جارێکی تر بە تێگەیشتمان لە ناسیونالیزم بچینەوە چونکە هەروەك روونە ناسیونالیزم و توندوتیژی و خوێن لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی دونیادا بە یەکدی تێکەڵن٠ناسیونالیزمی کوردیش هەر وەك ناسیۆنالیزمێکی تر و لەبەر ئەو دۆخە دژوارەی کورد و بزافە نیشتمانیەی کە تیایدا ژیاوە و سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی لەسەر ئەوە کاریکردووە کە ئەو رەمزە مێژوویانە لە ژیانی رۆحی و سایکۆلۆژی تاك و کۆمەڵگەی کوردیدا ئامادە دەکاتەوە کە رەمزی بەرگری و قوربانیدان و خوێن بەخشینن و لە وێنەی داستانی کاوەی ئاسەنگەر و و قەلای دمدم و دوانزە سوارەی مەریوان و ٠٠٠هتد٠ئەو ئەدەبیاتەی لەسەر ئاستی بەرهەمە ئەدەبیەکان و ئاراستەکردنی پەیامی رۆژانەی شۆڕشیش بەرهەم هاتووە تارادەیەکی زۆر توندوتیژی خوێن و قوربانیدان پیرۆز دەکات و بەهای ئازایەتی و گیانبازیش کە لە هەناوی پێکهاتە کوردیە تەقلیدیەکەدا لە فۆرمی مەنزومەی ئەخلاقی خێلدا ئامادەیی هەیە، لە چوارچێوەی فۆرمی شۆڕشە میللیەکەشدا تا رادەیەکی زۆر لە قەوارەیان گەورە کراوە و لەسەر حسابی هەندێك بەهای تر کە لە بارودۆخە ناوخۆیەکەدا و ئەو تەوژمە شۆڕشگێڕیەی ئەوسا لە دونیادا لە ئارادا بووە، هەروەها دڵڕەقی سروشتی خوێناوی دوژمنەکانی کورد لە دەسەلاتدارانی ناوەند، نەیانتوانیوە بە گوێرەی پێویست گەشە بکەن و قسەیان لەسەر بکرێت و بخرێنەوە ناو فەرهەنگی سیاسی نوێ و رۆژانەی تاتاکی کوردیشە دوا لە دوای ئەو گۆڕانەی بەهۆی مۆدێرنە بەسەر بونیادە کوردیەکەدا دێت٠

ئێستا ئەو پرسیارەی لەم رووەوە خۆی دەسەپێنێت ئەوەیە کە لەبەر رۆشنایی پێداویستیە نوێکانی کۆمەڵگەی کوردی و پەرەسەندنە هاوچەرخەکان ٠٠٠ئایا ناتوانین رەمزە مێژوویەکانی ناسیۆنالیزم بەڵکو رەمزە نوێکانیشی جارێکی تر وێنایەکی نوێیان لێبگرین و بەو ئاراستەدا بیانخوێنینەوە و تەوزیفیان بکەین کە خزمەت بەکەمکردنەوەی توندوتیژی ناوخۆیی بکەن و زەمینەی پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە پێکەوە بکەن؟

دوای ئەمە ناچارین دابەزینە ئاستێکی تری قسەکردن لە سەر توندوتیژیکە ئەم ئاستەیان راستەوخۆ پەیوەستە بە باسەکەی ئێمەوە لە سەر توندوتیژی کە کێشمەکێش و شەڕ و توندوتیژی ناوخۆییە٠٠٠ئەویش کاتێك ئەو وزەیەی ناسیونالیزم بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لە تاکی کوردی و پێشەنگەکانی خۆی و بنکە جەماوەریەکەی شۆڕشدا بەدی دێنێت، بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی بزافە میللیەکە و ناسیۆنالیزم و جیاکردنەوەی هێڵەکانی نێوان ئەوان و ئێمە بە خوێن و هەڵسان بە ئەرکی بەرگریکردن لە نیشتمان، بە تەعبیری گێلنەر بۆ یەکانگیر بوونەوەی سنورەکانی دەسەلاتی سیاسی و کلتوری نەتەوە کە دیارە لە ئەزمونی کوردیدا بۆ دەیان ساڵ دەچێت ئەو یەکانگیر بوونەوە گەیشتووەتە فیدرالیزم ئەو

ویرده بەشێكی وەك بۆمبا لە ناو ماڵی كورد و خۆیدا دەتەقێتەوە و ریزەكانی كوردایەتی كەرت دەبێت و نەریتی وێنەی دوژمن لە ناوخۆدا لە یەكدی تاشین و كوشتنی كورد بەدەستی كورد سەرهەڵدەدات و دەبێت بەو زامە بە سوێ و قەتماغە نەبەستووەی بۆ دەیان ساڵ نەزیفێك لە جەستەی كوردیدا دروست دەكات و تواناكانی لاواز دەكات و تۆوی بوغز رق و توندوتیژیش دەچێنێت و ئاو دەدات٠لە دوای قسەكردن لەسەر پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزم و توندوتیژیهەڵوەستەكردن لەسەر پرۆسەی بە عەلمانیكردنی كۆمەڵگەیەكی موسوسوڵمان نشین گرنگی خۆی هەیە٠

چونكە بە عەلمانیكردنیش لەڕێی خۆیەوە توندوتیژی بەرهەمدەهێنێت٠وەك كاردانەوەش رێگا خۆش دەكات بۆ سەرهەڵدانی هەندێك گروپ و جولانەوەی ئیسلامی كە هەڵگری هەمان ئەو سروشتە بن بەمجۆرەش كۆمەڵگە لەو ناوەندەدا دەبێتە سوتەمەنی و زەرەرمەندی گەورە٠باسكردنی من لە عەلمانیەتەوە دێت كە لە هەندێك لە وڵاتانی ئیسلامیدا فەرمانڕەوایە و لە هۆشیاری و گوتاری بەشێك لە ناوەندە فیكری و سیاسیەكەی كوردستانیش هەست دەكرێت و ئامادەیی هەیە عەلمانیەتێكە ئیسلام دەخاتە پەراوێزی ژیانەوە و دەیەوێت جگە لە هەندێك رۆڵی (طقوس) و شعائری لە ژیانی فەردیدا لەسەر ئاستی پێكهێنانی رۆشنبیری نیشتمانی و یاسا و ئاراستەكردنی كۆمەڵگەدا هیچ دەخیلێكی نەبێت هیچ جۆرە رۆڵێك نەبینێت ٠چونكە عەلمانیەتێكی توندڕەوی لەمجۆرە جگە لەوەی وەڵامی پرسیارێكی ساختەیە نەك راستەقینەیەك لە ژیانی ئێمەدا لەگەڵ رەگ كوتراوی توانا زاتیەكانی ئیسلام بۆ بەرگریكردن رووبەڕوو دەبێتەوە هەروەك ئێرنست گێلنەر لە كتێبەكەیدا (پۆست مۆدێرنیزم و عەقڵ و ئایین) ئاماژەی پێدەكات تاكە (استثناء)یكی نێوان ئایینەكانی جیهانە كە تاوەكو ئێستا ملی بۆ عەلمانیەت كەچ نەكردووە چاوەڕوانی ئەوەشی لێناكرێت لە ئایندەیەكی نزیكدا ملی بۆ كەچ بكات٠مەسەلەكەش ئەوەیە كە ئیشكالیەتی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئایینی و زانست و ئیمان و دونیا و ئاخیرەت لە رووی مێژووی و واقیعی هاوچەرخیشەوە ئیشكالیەتی راستەقینەی دونیای ئیسلام نین بەڵكو گرفتی هەرەگەورەی دونیای ئیسلام گرفتی (استبداد) و زەوتكردنی ئیرادەی خەڵكی و دەرنانیانە لە پرۆسەی سیاسی و دیاریكردنی چارەسەری كۆمەڵگا٠بەدەر لەوە كاتێك باسكردنێكی شەرعیەتێكی سەر زەمینی دەسەڵات بێت واتە دەسەڵات شەرعیەت لە خەڵكەوە وەربگرێت نە دژایەتی لەگەڵ ئیسلامدا هەیە و نە ئەو بەرەنجام و ئاكامە نیگەتیڤیانەشی لێدەكەوێتەوە چونكە بەم مانایە دەبێتە رووی دووەمی دیموكراسی كە وەڵامی پرسیاری (استبداد)ە لە دونیاكەی ئێمەدا٠

لەبەرامبەر ئەمەوە هەرچی پەیوەندی بە ناوەندە ئیسلامیەكەوە هەیە ئەو بەشەی لەم ناوەندە بڕوای بە مۆدیلێك لە دەسەڵات هەیە كە پیرۆزیەكی ئامادەكراو بسەپێنێت پێویستە بە ریشەیی بە بۆچونەكانیدا بچێتەوە٠

پێم وایە وێنای ئەو دەوڵەتە ئیسلامیەی لە زۆرێك لە ئەدەبیاتی ئیسلامی چلەكان تاوەكو هەشتاكان وێنەی كێشراوە بەو جۆرە بەكەڵكی ئەوە نایەت لەم قۆناغەدا بكرێتە ئامانجی تەوژمی ئیسلامی مەبەستم ئەوەیە دەبێت پرۆژەی ئیسلامی هاوچەرخی كوردستانی نەك هەر بڕوای (اكراه) ی سیاسی نەبێت كە ئەمەش یەكسانە بە بڕوا بوون بەسەرەتاكان و میكانیزمەكانی دیموكراسی بۆ رێكخستنی سیاسی بەڵكو هەماهەنگ لەگەڵ ئەودا بڕوای بە

(اکـراه)ی کۆمەڵایـەتیش نـەبێت کـە دیـارە (اکـراه) لـە هـەردوو بازنەکـەدا تەواوکـەری یەکترن٠بەمەش پرۆژە ئیسلامیەکە سیمای کوردستانی بووە و کوردەواری بوونی خۆی وەردەگرێت٠بۆ گەیشتن بەگۆڕانێکی لەمجۆرەش پێویستە بزوتنەوەیەکی رەخنەگرانەی جیدی لە کوردستاندا سەر هەڵبدات لە بازنەی ئەوانەی پێیان دەوترێت عەلمانی لە پێش هەموشیانەوە دوو هێزە سەرەکیەکەی ئەو دوو بازنەیە واتە پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی بەخۆداچونەوەیەکی جدی دەست پێبکات کە تاوەکو ئێستا زۆر کەم نەبێت ئەو بەخۆداچونەوە نابینرێت پاشماوە ئایدۆلۆژیا داخراوەکانی جەنگی سارد بە تەواوی پاشەکشەی پێبکەن و مامەڵەیەکی سیاسی و پڕوپاگەندەیی روونیش لەگەڵ جیهانگیری و ئەو دۆخە جیهانیە نوێیەدا نەکەن٠ئەو ئاڵوگۆڕەی بەسەر نەخشەی ئایدۆلۆژی و و شوناسی فیکری براڤی نیشتمانی کوردستانیشدا هاتووە و بوونی تەوژمێکی ئیسلامی بەهێز لە کۆمەڵگەدا لەبەر چاو بگرن لەولاوە ناوەندە ئیسلامیەکە و بەتایبەتیش ئەو بەشەی کە لە ناوەندەکەدا ڕاڕایە لە قبوڵکردنی سەرەتاکانی دیموکراسی و هەندێکجار رەتیشی دەکاتەوە و مۆرکی فیکری و حەرەکی تا رادەیەکی زۆر کاردانەوەی هەندێك لە هێزەکانی گۆڕەپانەکەی پێوە دیارە بگۆڕێت٠

بەوازهێنان لە عەلمانیەتێك کە باسمان کرد و بەگۆڕینی وێناکانی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی ئیسلامی کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد و لە دەوڵەتێکی نیمچە هەمەلایەن دەچێت هێزەکان لەسەر (ثوابت)ەکانی نیشتمان و کۆمەڵگە بەیەك دەگەن ڕەنگە چوار نەگۆڕ هێڵی گشتی ئەو نەگۆڕانە پێکبێنن ئەوانیش بریتین لە بۆیەکەوە ژیانی:

١–ئیسلام وەك ئایینی زۆرینەی کۆمەڵگە٠

٢–کوردستانی بوون وەك چوارچێوەیەك بۆ گەل و ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لە کوردستاندا٠

٣–کوردایەتی وەك پەیوەندیەکی تری کۆکەرەوەی زۆرینەی کورد لە هەرێمدا٠

٤– دیموکراسی وەك مەبدەئێك بۆ بەرێوەبردنی دەسەڵات و رێکخستنی پەیوەندی نێوان جیاوازە نەتەوەیی و ئایینی و فیکری و سیاسیەکانی کوردستان و رەتکردنەوەی خۆ سەپاندن و توندوتیژی٠

بەیەك گەیشتن لەسەر ئەم بنچینانە دابینکردنی ماف نەتەوە و ئایینەکانی تری کوردستانیش دەستەبەر دەکات کە مەرجی بوونی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی و مەدەنی هاوچەرخی کوردستانی و هۆکارێکی لە رەگ دەرکێشانی (اکراه)یشە کە ماکی توندوتیژی و خوێن رێژی و سەرەنجام شڵەژان و گرژی و پەشێوی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتیە٠هەروەها میانەرەوی و دیالۆگخوازی کاریگەری خۆیان پەیدا دەکەن و بەڵکو بە تێپەرینی رۆژگار دەورێکی (معیار) ی و شەرعیەت پێدانیش بۆ دیاریکردنی هێزەکان دەگێرن٠ گەیشتن بە دیاریکردنی ئەم (ثوابت)انەش گۆڕانی چۆنایەتی و ئازایانەی لەهێزەکان و ناوەندە رۆشنبیریەکەش دەخوازێت بۆ نمونە دەبێت هێزە خۆ بە عەلمانی زانەکانیش لە پێش هەموشیانەوە پارتی و یەکێتی وەك دوو لایەنی گەورە و بەهێز لە کۆنگرەکانی داهاتووی خۆیاندا پرۆگرامەکانیان بەهەندێك پرنسیپ و داخوازی ئیسلامی متوربە بکەن٠لەو بەرەوە ئەو هێز و لایەنە ئیسلامیانەی تا ئێستا (تبنی)ی گوتاری دیموکراسیان نەکردووە و لە پڕۆگرامەکانیاندا نەیانگونجاندووە و لەم رووەوە ڕاڕان٠ ئەو

ڕاڕایەیە لابەرن و هەڵوێستی روونی خۆیان ئاشکرا بکەن واتە نابێت تەنها داوای گۆڕان لە ئیسلامیەکان بکرێت بەڵکو گۆڕانەکە لە هەموو لایەکەوە بێت بۆ گەیشتن بە کۆدەنگیەکی نیشتمانی لانی کەم لەسەر مەسەلە بنەڕەتی و چارەنوسساز و مەزنەکان٠هەر لەم میانەدا ناکرێت چیتر ئیسلامی سیاسی بابەتێکی پێگەیاندنی دەورەی کادرەکان و فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە و کۆلیجی سەربازی و بەشی ئاراستەی سیاسی پێکهاتە چەکدارەکان و کۆڕە ناوخۆیەکانی هەندێك هێز بێت لە کوردستاندا چونکە هەر یەکە ئاگادار بێت بەسەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانە تێدەگات کە بەم کارە چ پرۆسەیەکی بە دوژمنکردنی یەکتر ئەنجام دەدرێت و چۆن بوغز و دەمارگیری دروست دەکرێت٠هەروەها ناشێت لە لایەن هەندێك ناوەندی ئیسلامیەوە دژایەتی کردنی ببێتە گوتارێکی چەسپاوی بە رق قانگدراو چونکە سەرەنجام ئیسلامی و عەلمانی و کورد و تورکمان و ئاشوری و موسوڵمان و مەسیحی و یەزیدی هەموومان هاولاتی ئەم ولاتەین و رۆڵەی ئەم نیشتمانەین و دەبێت هەر لە ئێستاوە بەجدیەوە سەرقاڵی داڕشتنی پایەکانی پەیوەندیەکی پڕ لە رێز و متمانە و پاراستنی مافەکان و رێزگرتن لە تایبەتمەندیەکانی هەر یەکەمان و ژیانێکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ یەکدیدا داببڕێژین٠وەستانم لەسەر پرسی ئەم مەسەلە ئایدۆلۆژی و وێناکردنە و پرسی عەلمانی ئیسلامی لەو سۆنگەوە دێت کە لە دوارۆژێکی نزیکدا دەبێتە یەکێك لە هەرە مەسەلە گرنکەکانی کۆمەڵگە و بابەتی تاقیکردنەوەی سەرکەوتنی ئەزمونی دیمۆکراسی و بەیەکەوە ژیانی کوردستانیش دەنا ئەو دابڕانە ترسناکەی لە سالانی رابردوودا خودی بازنەی ئەوەی ناودەبرێت بە هێزە عەلمانیەکان زۆر زیاتر بووە لەوەی لەم بازنەی تردا بینراوە بەڵکو هەر ئەو هەڕەشەی جدی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایش و یەکێتی خاك و گەلی کوردستان و دوارۆژی قەوارە کوردستانیەکە و دەسەلاتە کوردیەکە پێکهێناوە٠بۆیە سڕینەوەی هەموو ئەو ژەهرەی لەو ماوەدا و لەو بازنەدا رژاوە لە هەنووکەدا ئەرکێکی بنەڕەتی هێز و تەوژمە ئاشتیخوازەکان و تێکڕای خەڵکی ئاشتیخوازی کوردستان و تەنانەت دۆستانی گەلی کوردستانیشە٠سالانی رابردوو تا رادەیەکی بەرچاو و دەمارگیری حیزبی دەمارگیری بۆ رەنگ و ئالا و دروشم و سەرکردە و تەنانەت هەندێکجار دەڤەر و ناوچەش دروستکراوە٠بەسەر خۆدا داخران و هەوڵدانی نەفی کردنی بەرامبەر یاخود لانی کەم زەلیل کردن و ملپێکەچکردن و پەراوێزخستنی ئەو هەناسە بووە چرە دوکەڵەکەی ئاسمانی سافی پەیوەندیە نیشتمانیەکانی تەڵخ کردووە بەڵکو هەندێك جار دابەزیوە بۆ ناو خانەکانی جەستە کۆمەلایەتیەکەش لە کاتێکدا دەمارگیری و بەسەر خۆدا داخران و کشانەوە بۆ ناوخۆ و ترسان لە بەرامبەری فیکری و سیاسی و خەڵك لێترساندنی دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و بێنازکردنی بازاری رۆشنبیری لێبوردەیی و ئاشتیخوازی و دروستکردنی پردی پەیوەندی و بیروڕاگۆڕینەوە و لە یەکتر تێگەیشتن لەگەڵ جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبی و فکری و سیاسیدا٠کەواتە کورد و گەلی کوردستان و هێزەکانی تا چەند سەرکەوتوو بێت لە سڕینەوەی وێنە کۆنەکان و گرتنی وێنەی نوێی سروشتی بێ خەوش لە یەکتر تا ئەو ئەندازەش سەرکەوتوو دەبێت لە پاشەکشەپێکردنی توندوتیژی بە حوکمی ئەوەش کە قەڵەم فیکری رۆشنبیر و نوسەریش بەشداری بنەڕەتی هەبووە و هەیە لە وێناکردنی وێناکان و دروستکردنی و داتاشینیاندا لەم روەوە ئەرکێکی مەزن و لێپرسراوێتیەکی فیکری و ئەخلاقی و نیشتمانی و ئینسانی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ ئیتر

چیدی ناوەندە رۆشنبیری و راگەیاندنەکە پێویستی بەو قەڵەمە نەخۆش و بوغزن و رووکەشانە نیە کە ئامادەن لەدەرەوەی لە ئەستۆگرتنی هیچ لێپرسراوێتیەکدا زەمینەی جەنگ لە رێی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری شەڕ و قانگدانی گۆڕەپانەکە بە بیروڕای نەخۆش و رەشبینکەر، لە نێوان هێزەکان بسازێنێت٠ئەو قەڵەمانەی لەسەر رێبازی خۆرهەڵاتناسەکانی رێنوێنی کەری فیکریان زۆرجار جەوهەرێکی نەگۆڕ و نامێژوویی دەدەن بە هەندێك هێز و تەوژمی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە ژێر جەبری قەناعەتێکی نەگۆڕی لەوەو پێش لە دوور و نزیکەوە ئاوڕ لە واقیع نادەنەوە و لەبەر رۆشنایی (اداء)ی هێزەکان لە مەیداندا بە بیروبۆچونەکانیاندا ناچنەوە و گۆڕان بەسەر هەڵوێستە دۆگماکانیاندا ناهێنن٠ئەو ئەرکەی خەبات دژی توندوتیژی لە ناوەندە رۆشنبیری و راگەیاندنەکە دەخوازێت پێویستی بە ئاڵوگۆڕە لە دید و بۆ چوونی ئەو کەس و هێز و ناوەندانەی رەگەزەکانی گوتارەکە بەرهەمدەهێنن و دایدەڕێژن٠چونکە نابێت لە بیرمان بچێت هەموو بزوتنەوەیەکی ریفۆرمی نەتوانێت دەستکاری ژێرخانی فیکری واقیعە باوەکە بکات نەدەتوانێت کاریگەر بێت و نەتەمەنیشی درێژبێت٠٠٠گۆران لە بازنەکانی قانگدراو بە توندوتیژی یاخود کەرەستە خاوەکانی بەرهەمهێنانی توندوتیژی بۆ ئاسۆ بەرینەکانی لێبوردەیی و بە ئینسانیکردنی پەیوەندیەکان دەبێت هاوکات بێت لەگەڵ گۆڕانی قەناعەتە فیکری و ئایدۆلۆژیەکان هەر وەك چۆن لە هەمان کاتدا تازەبوونەوەیەکی میکانیزمی و دامودەزگایی و هونەریشی پێوێستە٠لە باسکردنی رۆڵی راگەیاندنەکان بە تایبەتی راگەیاندنە کاریگەر و خاوەن تواناکان لە پاڵ بڵاوکردنەوەی هەناسە رۆشنبیری ئاشتیخوازانە و لێبوردەیی و ناشیرینکردنی توندوتیژی لەبەرچاوی هاوڵاتی و وەدەرخستنی بەرەنجامە سایکۆلۆژی وپەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی گرنگە ببێتە میمبەرێك بۆ کۆکردنەوەی شەبەنگە فیکری و سیاسیەکانی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی بەنەریتکردنی دیالۆگ و رێزگرتن لە جیاوازەکان و کۆبوونەوە لەسەر نەگۆڕە نیشتیمانیەکان٠چونکە هەر چۆن هەوڵی (اقصاء) کردن و دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی هێزێك یاخود تەوژمێکی دیاریکراو لە کایەی سیاسەت و دەسەڵات و ئابوریدا رق و بێزاری و گیانی تۆڵەکردنەوە و سەرەنجام فوکردن بە پشکۆی توند وتیژی بە دواوەیە٠

هەر بەو جۆرەش (اقصاء) کردن لە بازنەی راگەیاندن وێنە و ئیحای خراپ دەدات بە جەماوەر و بۆنی ئامادەیی هەستێکی هەژموونخواز دەدات بە دەوروبەر٠ئەرکی راگەیاندن هەر لە سەردەمی جیهانگیری دا هەر بەمەوە ناوەستێت بەڵکو لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵ و رووداوە جیهانیەکان و دەرەوەییەکانیش دا دەبێت لێپرسراوانە هەڵسوکەوت بکات و بەئاگایی یاخود بێئاکا گیروگرفتی وڵاتان نەگوێزرێتەوە بۆ ناوخۆ و لێکدانەوەکانی بۆ ململانێ و پرسە جیهانیەکان ئایدۆلۆژیا ئەو بۆ ئەو مەبەستە نەبێت لە رێی ئەو وێنە دەرەکیانەوە وێنەی تەوژمێکی ناوخۆ ناشیرین بکرێت و بەدبینی و رەشبینی لە دڵ و دەروونی خەڵکیدا بچێنرێت کەلە هەندێك دامودەزگاکانی کوردستاندا زۆر بە روونی ئەمە دەبینرێت٠گوازستنەوەی وێنە پاك و رووناك و شارستانی و جوانەکان لە پاڵ باسکردنی وێنە خراپەکاندا ونەشێواندنی ئەو وێنە جوانانە یاخود فەرامۆش نەکردنیان بەشداریەکی تایبەتی خۆی دەکات لە دروستکردنی هەستی خۆ بەراوردکردن بە ئەزمونە

سەرنەکەوتووەکان و دوورکەوتنەوە لەو نمونانەی مێژوو واقیعی چەندین شوێنی جیهان شکست و دزێوبوونی سەلماندوون٠

مەسەلەیەکیتر لەمەڕ پاشەکشەکردن بە گیانی توندوتیژی گۆڕینی تێڕوانینی مرۆڤی کوردیە بۆ چەك و وەزیفەی چەك لە چوارچێوەیەکی سیستەمێکدا٠٠٠هەموو دەزانین بەهۆی دۆخە بابەتی و خودیە مێژوییەکەوە چەك بە شێوەیەکی رۆمانسی و هەندێ جاریش تراژیدیش تێکەڵ بە ژیانی کورد و مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کوردی بووە٠چەکی کوردی لە زۆر فۆرمە و لە سایەی ئاراستەکردن و ئامانجی جۆراوجۆر خۆی بینیوەتەوە٠بەدەر لەوەی کە چەکی راپەڕین و شۆڕشەکان داستانی خۆی ئاشکرایە لە پاڵ ئەمدا چەکی دوژمنانی کوردیش هەبووە بەڵام بەشانی کوردەوە و چەکی دەسك خوێناویشمان هەیە بە خوێنی براکان بەدەستی یەکتر چەکی خێڵی کوردیمان هەبووە٠ئێستاش چەکێکمان هەیە کە دەتوانین بڵێین لە چەندساڵی رابردوودا هەموو ئەو وەزیفانەی بە جۆرێك لە جۆرەکان لە خۆدا کۆ کردۆتەوە ٠لە روویەکەوە واخۆی نیشانداوە چەکی بەرگری لە نیشتمان و تەوژمێکی ناسیۆنالیستیە بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو چەکە لە ئاستی ناسیۆن دابەزیوە بۆ تراژیدیای پۆلێنکردنی هێزەکان لەسەر بنەمای (انتماء)ی سیاسی و سەرکردایەتی مێژوویی و بەمجۆرەش تێکەڵاو بەشەڕی ناوخۆ و کوشتنی براکان بووە هەر لەو میانەشدا کە خێڵ لەو ژینگەدا و لە ژێر سایەی پێداویستیەکانی دەستەبەرکردنی هێزی درێژەدان بە شەڕی ناوخۆ بوژابووە، لە ئاستی جۆراجۆردا هەمان چەکی بۆ سەپاندنی پێوەر و بەهاکانی خۆی بەکار هێناوە٠ چوارەمیش گەرچی چەکەکە بەدەستی هێزێکی شۆڕشگێڕی تەقلیدی کۆمەڵگەوە بووە بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێت کە هێزە هەرێمایەتیەکان دەوریان لەکارکردنەسەر بەکارهێنانی ئەو چەکەدا هەبووە٠ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە دەبێت تێڕوانینی تەقلیدی کورد و هێزەکانی بۆ چەك و وەزیفە سیاسی و نەخشەکەی بگۆڕێت٠

میلیشیا وەك فۆرمێك بۆ رێکخستنی ئەو چەکە هەڵوەشێتەوە٠ بە یاسا و ئیشکردنی سیاسی جدی دەوری لە ناکۆکیە ناوخۆیەکاندا بێلایەن بکرێن٠بۆ ئەوەی ئەم ئامانجەش بێتەدی دەبێت چەکی حیزب نەمێنێت و ببێت بەچەکی گەل و نیشتمان لە فۆرمێکی تازەی وادا رێ لە بەشداریکردنێکی داهاتووی بگیرێت لە کێشمەکێشە ناوخۆیەکاندا٠بەو مانایەی قسەکردنمان لەسەر دژایەتی توندوتیژی لەم قۆناغەدا بۆ ئەوەی واتای هەبێت و نەبێت بە تێزێکی نۆباوی تا بگاتە ئاستی رەتکردنەوەی یەکجاری چەك و هێز لە کۆمەڵگەدا چونکە هەموو دەزانین لە دۆخێکی لەمجۆرەدا ئەمە شتێکی نەگونجاوە بەڵام پێداگرتنمان لە کۆتایی هێنان بە رۆڵی چەکە لە کێشە ناوخۆییەکاندا دەبێت تاگەیشتن بەو رۆژەی ئەو ئامانجە دەبێت بە واقیعێکی بەرجەستەکراو٠ئێمە لە ئێستادا ناشکرێت داوای ئەوە بکەین لەگەڵ ستەمکار و خوێنرێژە تاوان پیشەکان لێبوردەبین چونکە ئەم لێبوردەیە لە دۆخێکی وادا هەموو زەمینەیەکی گەشەکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و لێبوردە لەبار دەبات بەڵام ئەو رێی لەوە ناگرێت لە چارەسەری کێشە ناوخۆیەکاندا کە توندوتیژی تیایدا پیادە دەکرێت باوەڕمان بەوە بێت هەتا دەکرێت پەنا نەبەینەبەر توندوتیژی بەرامبەر و چارەسەری ئەمنی چونکە رێسا گشتیەکە دەڵێت توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەم دێنێت ورياش نەبين ئەم کار و کاردانەوەش دەریایەك لە خوێن و پانتاییەکی داخراو لە دۆزەخ دەخولقێنێت وەك لە هەندێ وڵاتی وەك جەزائیر دا دەیبینین٠گەر هەر ناچاریش بووین هێز لە سنورێکدا بەکار

بهێنین ئەوا دەبێت لە سنوری یاسادا بێت و بەپێی ڕێسای (اخرالدواء الکی) بێت و (خیار)ێکی ناچاری بێت٠٠٠بەدەر لەمە خولقاندنی کەشوهەوایەکی سازگار بۆ سەوزبوونی درەختی لێبوردەیی لە کۆمەڵگەدا پێویستی بەوەیە ڕێکخستنی سیاسی و یاسایی و رۆشنبیری دۆخی گشتی کۆمەڵگە بەجۆرێك بێت هیچ کەس نەتوانێت لەسەر توندوتیژی پاداشت بدرێتەوەو بەڵکو بگۆڕێت بە جەستەیەکی نامۆ٠سالآنی رابردوو لە ولآتی ئێمەدا کە رۆشنبیری شەڕ لە برەوی خۆیدا بوو خەلکانێکی زۆر بەهۆی مومارەسەکردنی توندوتیژییەوە ناو و ناوبانگ و پلە و پایە و (امتیازات) ی جۆراو جۆریان دەستکەوتووە٠

گەر بمانەوێت لەمەوبەدوا ڕێگا لەبەردەم قۆناغێکی گەش و روون لەبەیەکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە و لێبوردەیی سیاسی و کۆمەلآیەتی خۆشکەین چاوەڕێی ئەوە دەکرێت هەموو ئەو ڕێگا نارەوایانەی خۆ پێگەیاندن و گەورە بوون و وەدەرکەوتن کوێر بکرێنەوە لەولاوە هەموو کەس هەست بکات کە فیکری ئاشتیخواز و دیالۆگخواز و میانەڕەو هێزی ئاشتیخواز و میانەڕەو مرۆڤی ئاشتیخواز و دیالۆگخواز و میانەڕەو پێشوازی دەکرێت و پشتی دەگرێت و زەمینەی بلآوکردنەوەی بۆ دەرەخسێنرێت٠ئەمەش پەروەردەیەکی سیاسی نوێ و گۆڕانی دیدە حیزبی و ئایدۆلۆژیا داخراوەکانی دەوێت کە تاکو ئێستەش لە کوردستاندا بە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ ئامادەیی تەواوی هەیە٠

گەر پێوەری گشتی پۆلێنکردن و حوکمدان و دەورپێدانمان لە کۆمەڵگەدا کردبە لێبوردەیی و ئاشتیخوازی و میانەڕەوی و خەڵك پەروەری و گیانی خزمەتکردن و کرانەوە بەسەر بەرامبەری جیاواز و جەماوەر و کۆمەڵگەدا ئەو کاتە دەتوانین بڵێین هەنگاوێکی چۆنایەتی راستمان لەسەرێی گەیشتن بە ئاشتی و ئارامی و کۆمەڵگەیەکی لێبوردەدا ناوە٠

ئەمەش تەنها لە کاتێکدا بیر لێکراوەیە کە وەك لە پێشیشەوە ئاماژەمان پێکردچەك و بەکارهێنانی هێز لە کوردستاندا بخرێتە چوارچێوەی یاساوە و فەزای سیاسیش بەتەواوی مەدەنی بکرێت و کێبرکێی سیاسی نێوان هێزەکانیش لەچوار چێوەی ئاستی(اداء)ی سیاسی و رۆحی خزمەت کردنی ئەو هێزانە و چۆنیەتی ئیدارە کردنی کۆمەڵگا و گەشەپێدانی تێنەپەڕێ و(اکراه) لەهەموو بەرگەکانیدا رەتبکرێتەوە و کەسیش نەتوانێ ملکەچی بڕیارەکانی خەڵك نەبێت٠ کە روونە هەموو ئەم شتانەش بەپێی گۆڕانی لە رۆشنبیری سیاسی باوهێنانە یان دەبێتە ئەرکێکی قورس و گران٠لەدرێژە ووردکردنەوەی هەندێ لەوناونیشانانەی باسیشمان کرد دەکرێت بیر لەچالاکی و وەدیهێنانی فۆڕمی جۆراوجۆر بکرێتەوە٠ بۆ نمونە دەرکردنی یاسای جۆراوجۆر لەپەرلەمانەوە کە توندوتیژی لەهەموو رواڵەتەکانیدا و ئەشکەنجە و ئازاردان لەژێرهەر بیانویەك قەدەغە دەکات٠مۆرکردنی بەڵێنامەی شەرەفی نیشتمانی بۆ دژایەتی کردنی توندوتیژی لە نێوان سەرجەم هێز و لایەنە سیاسیەکاندا٠

دروستکردنی ڕێکخراو کۆمەڵەی جۆراجۆر بۆ دژایەتی کردنی توندوتیژی و بلآوکردنەوەی رۆشنبیری و چەمکی کۆمەڵگەیەکی بێ توندوتیژی٠سازدانی عەلقە و کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی جۆراجۆر لە پێناو بەشداریکردنی ناوەندە ئەکادیمیەکانی کوردستان لە ئابلۆقەدانی دیاردەکە و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی توندوتیژی و پێشنیارکردنی ڕێگا چارەی زانستیانە ناونانی هەفتەیەك لە ساڵدا بەناوی هەفتەی خەبات دژی توندوتیژی کە سەرجەم دامەزراوە و ناوەندە

جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لەو هەفتەدا چالاکیەکان لەم رووەوە ئاراستە بکەن٠ بەشداریکردنی وتاری هەینی و مزگەوت و دامەزراوە ئیسلامیەکانی تری کۆمەڵگە لە برەودان بەبەهای لێبوردەیی و خۆشەویستی و برایی و هاوکاری و هاریکاری و هاودەردی٠ئاراستەکردنی هەندێك لە قوتابیانی خوێندنی باڵا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە و نامەکانیان لەم بوارەدا بە ئەنجام بگەیەنن٠دانانی خەڵاتی ئاشتی کوردستانی بۆ رێزگرتن لەو رۆشنبیر و سیاسی و کەسێتی و ناوەندانەی لە ساڵێکدا زۆرترین خزمەت بە ئاشتی و دژایەتی کردنی توندوتیژی دەکەن٠

گەڕانەوە و خوێندنێکی نوێ بۆ کلتوری کوردی لە بەشە سەرزارەکیەکەیدا ئەو روانە زەق بکرێنەوە کە وەك بەهایەکی کۆمەڵایەتی گشتی بەجۆرێك لە جۆرەکان دەکرێت لەم بوارەدا سودمەند بێت لە بواری کلتوری نوسراویشدا گەڕانەوەیەکی مەنهەجیانە بۆ خانی و جەزیری و مەولەوی و مەحوی و مەولانا خالید و چەندان ناو و رەمزی تر کەوەك دەزانین ئیشیان لەسەر پانتاییە بێ سنورەکەی رۆح کردووە و رۆحیان تێکەڵ بە ئەوینێکی گەرم و گوڕە و توێژەری کورد دەتوانێت شەرعیەتێکی کلتوری گەورە بۆ ئەم جۆرە لە خەبات لەم کلتورەدا پەیدا بکات٠هەروەها گەڕانەوە بۆ کانونە فەرهەنگیەکەی ناوچەکە لەم رووەوە لە وێنەی حافیز و سەعدی و مەولانا و ٠٠٠هتد، هەڵبەتە لە پاڵ گەڕانەوە بۆ هەموو ئەو کلتورە مرۆڤایەتیەی کە لە ئاستی جیهاندا دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت و بەشداری لە دروستکردنی تێڕوانینمان بکات بۆ ئاییندەیەکی گەش و رۆشنتر٠متوربەکردنی سیستمی پەروەردەو فێرکردن بەم رۆحە و پاراستنی کۆمەڵگە لە بەلەرزە کەوتن و قەیرانی گەورە و ترسناك و کۆنترۆڵ نەکراو٠ لە کۆتاییدا درێژەی ئەم باسە بەجێ دێڵین بۆ خوێنەر خۆی و هەر ئەوەندە دەڵێم بەڵێ بە دڵنیاییەوە لەگەڵ دژواری و سەختی دۆخە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکەشدا گەر ئیرادەیەکی بەهێزی لێبوردە و ئاشتیخواز و دژە توندوتیژی هەبێت پاشەکشەکردن بە رۆشنبیری توندوتیژی ئەگەرێکە بۆ ئایندەی ئەم کۆمەڵگەیە و شانسی خۆشی لەبەردەمدایە٠لە هەموو ئەم شوێنانەدا قەیران قەیرانی مرۆڤە بۆیە خاڵی دەسپێکردنەکانیش لەوەوە دەست پێدەکات هەڵبەتە بە لە بەرچاو گرتنی ئەو واقیعە مادیەی زۆرجار دەیخاتە ژێر فشارەوە گۆڕانی ئەویش تێڕوانینی دیدگاکانی و نیشاندانی نمونەیەکی بەرجەستە دێتە دی٠

پەراوێزەکان .

١-ئایینداری " لێبوردن"مەدەنیەت /چاوپێکەوتن لەگەڵ دوکتۆر عەبدولکەریم سروش /گۆڤاری هەژان ژمارە٩-٢٠٠٢/١٠ لاپەڕە (٢٧) ٠ دوکتۆر عەبدولکەریم سروش هەر لەو چاوپێکەوتنەدا هەر شتێك ببێتە هۆی هۆشیاریتان بە توندوتیژی دەزانێت کە ئەمەش سەرنجمان بۆ لای رۆڵی چەواشەکارانەی بەشێك لە میدیاو ناوەندە ئەکادیمی و سیاسیەکان رادەکێشێت٠

٢-دوکتۆر بورهان غلیون لە کتێبی (نقد السیاسە)کەی دا و زۆرێك لە بەرهەمەکانی تری دا لەمەڕ ئەم مەسەلەیە قسە دەکات٠غلیون لە میانەی هەوڵدان بۆ لێکدانەوەی ئەو قەیرانە هەمەلایەنەی زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی تێیکەوتوون باسی لە مۆدێرنە و عەلمانیەتێکی بە ئایینکراو دێنێتە پێشێ٠

٣–مەبەست لەو گروپە تەکفیری و توندوتیژانەیە کە دەیانەوێت لە ڕێی هێزەوە تێگەیشتنی خۆیان بەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگەدا فەرز بکەن گرەوێکی زۆر لەسەر دەوری دەوڵەت دەکەن بۆ وەدیهێنانی ئەو گۆڕانەی دەیانەوێت و زۆر وکەم باوەڕیان بە جیاواز بوون و فرەیی لەسەر هەردوو ئاستی فیکر و سیاسەت هەیە کە هەندێك جار ئەم باوەڕ نەبوونە دەگاتە ڕەتکردنەوەی هەر بیر کردنەوەیەکی جیاواز لە ناو بازنەی ئیسلامیدا دیارە کە ئەم گروپانە بەبەراورد لەگەڵ بوونە ئیسلامیەکەدا بە کەمینە دادەنرێت٠

٤– فەرمودەی قودسی لە زانستی فەرمودەناسی و پۆلێنکردنەکانیدا بەو دەقانە دەوترێت کە پێغەمبەر (د٠خ) لە خوداوە فەرمودەکە دەگێڕێتەوە٠واتە لەسەر زمانی زاتی خوای گەورەوە قسەدەکات بە مانایەکی تر ئیما و مانا هی خوای گەورەیە و داڕشتن هی پێغەمبەر (د٠خ)٠

٥– دکتر٠خالص الچلبی/سیکولوجیه العنف و استراتیجیه الحل السلمی/دارلفکر،الطبعة الاولی/٠،١٩٩٨